# بەڵگەكان لە سێدارە مەدەن؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

بۆ ئەوەی كە ئەنفال بكەینە جینۆسایدو سەرمایەی رەمزی نابێ كارەكتەرو بكەرانی بەتەواوی لە سێدارە بدەین، ئەبێ لەرێگەی ئەم كارەكتەرە زەلیلانەی دادگاوە كەشفی تەواوەتی ئەو گوتارە هەمەجیەی بەعس و شۆڤێنیەتی عەرەبیش بكەین كە تا هەنووكە ئامادەن بەسەر جەستەی سیاسی كوردیەوە، ئەم كارە بۆ ئەوەیە تا بە نەمانی ئەم تاقمە دۆسیەی ئەنفال و هەڵەبجە لەبیر نەكرێ،

پێشتر لە ووتارێكی دیكەماندا ووتمان كەیسی ئەنفال كەیسی ئازارو كوێرەوەری و شەقی جەللادو فەسادەتی ئەمن و ئیستیخبارات و روخاندنی گوندو فرۆشتنی كچ و خوێنلێچۆران و دیارنەمانی هەزاران دایك و باوكی ئێمە نابێ بچوكی بكەینەوە لە ترسنۆكێكی وەك سەدامدا؟ ئێستاش ئەنفال و هەڵەبجە نابێ ببەستینەوە بە كاراكتەرەكانی نێو قەفەزی سێدارەوە، چونكە لە پشتی ئەوانەوە عێراقێك و كولتورێك و مۆراڵێكی فاشیانە هەیە، مەیلێكی تۆتالیتار هێشتا ماوە بۆ سرینەوەی كورد، ئەو مەیل و فاشیزمە بەو ئاسانیەو بە چەند دادوەرێكی عەرەب لە سێدارە نادرێ ئەگەر مەیلێكی حەماسی و گوتارێكی نەگۆری كوردی لەگەڵدا نەبێ،

ئەنفال وەك ناسنامەیەكی میللی و ژانرێكی سیاسی نەتەوەیی دەبێ بیكەینە گوتار ئەگینا ئەمرۆ نەبێ یان سبەینێ لەبیر ئەچێتەوە، لە بیرچوونەوەی ئەنفالیش واتە ئەنفالی دوای ئەنفال، فیكری عەفلەقی و حیزبی بەعس هێشتا ماوە دادگایی بكرێن كەچی خەریكە بەڵگەنامەكان هەموویان لە سێدارە ئەدەین، لە سێدارەدانی ئەم تاقمە نابێ لە سێدارەدانی عێراقمان لە بیر بەرێتەوە، خۆ ئەم تاوانبارانەش كوڕی ئەو عیراق و سیستمە بۆگەنە بوون كە ئێستا مالیكی و مەشهەدانی و كورد! لە سەر عەرشەكەی دانیشتوون، ئەم رایە پێچەوانەی سۆزی قوربانیانی ئەنفالە كە خوازیاری ئەوەن هەرچی زووترە بكوژان و ئەنفالزەدەكان لە سێدارە بدرێن و حیزبی كوردیش وەستایانە ئەیكاتە دروشمی میدیاكەی، دروشمێكی كاتی و نا مونەزەم، بەڵام سۆزی ناو میدیای حیزبی وروژێنەر شتێكەو ستراتیجی دوورنماو گوتاریش شتێكی دیكە؟!

ئیشكالیەتی گەورەی حیزبی كوردی ئەوەیە بەردەوام دوور لە ستراتیجیەت و نزیك لە میدیاو سۆزی خەڵكی ئیش ئەكات، بەردەوام ماشێنی ئەم حیزبانە لەسەر میدیایەكی هەنوكەیی كار ئەكەن و نازانن ئەو دەسەڵاتەی كە 15 ساڵی دیكە حوكمی عیراق و كورد ئەكات رەنگە هەر لە بیری چوبێتەوە ئەنفال و پاكتاوە رەگەزیەكانی كوردی چی بێت، چونكە بەڵگەی دیكۆمێنتاری و زیندوو نییە، پلانی ستراتیجی نییە، مۆزەخانەی قوربانیانمان نییە، گالێریەكمان نییە بۆ ئەنفال، ئەی بەچی بەڵگەكان بسەلمێنین لە كاتێكدا ئەم دیكۆمێنتانە نەبن و تاوانبارانیش هەموویان لە گۆڕدا بن، ئایا بەو شێوەیە ئێمە بەڵگەكانیش ناخەینە گۆڕ؟!

دیارە لە پشتی سەدامەوە كولتورێك هەبوو، هێشتا قاچەكانی لە ناوماندایەو وەك هێزێكی بزوێنەری فاشیزمی عەرەبی نوێ جارناجار خۆیمان نیشان ئەدات، ئەو كولتورە ماوەو هێشتا هێزی سایكۆلۆژی و ئابوری ترسناك و میدیایەكی گەورەی عەرەبی لە پشتیەوە ئیش ئەكات، دەبێ بزانین چەمكی دادگاییكردنی تاوانباران بەتەنها بریتی نییە لە بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و دڵخۆشكردنمان بە چەند تەقەو هۆرێنێكی سەیارەو لەحزەیەكی كەمی خۆشنودی، بەڵكو دنیایەك رەهەندی دیكەی ترسناك و خەمناك هەیە لەپشت ئەو خۆشنودیە كاتیەوە كە ناكرێ فەرامۆش بكرێ كە سادەترینیان پەراوێزكردنی كەیسی ئەنفال و هەڵەبجەیە دوای ئەم دادگایی كردنانە، ئەم رەهەندی كاركردنە بۆ لەبیربردنەوەی ئەنفال و بەستنەوەی بە چەند كەسێكی فاشیزم و سادیزمەوە، گەورەترین رەهەندی خودكوشتن و سرینەوەی خودە لەلایەن دەسەڵاتی كورد خۆیەوە كە ئێستا لە بەغدا دەسەڵاتدارە، راستە

**تاوانباران له سێداره دران بەڵام نابێ بهێڵین ئەنفال وهەڵەبجەش بەر ئەو سێدارەیه بکەون و له بیر بچنەوه، هەر وەك ناشبێت جاش و تاوانباره کوردو بەعسیەکانی تریش له بیر بچنەوه.**